# گفتوگۆی ماڵپەڕی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ عبدالله مەحمود سەبارەت بەپرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان

**سازدانی: نوری بەشیر**

**نوری بەشیر:** پرۆژەی ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەری لەکوردستان کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی کردبوو، دوای ئەوەی خرایە بەردەم پەلەمانی کوردستان، پەرلەمان دوای ئاڵۆگۆڕێکی تر بەباری دواکەوتوییدا، پەسەندی کرد. پاشان سەرۆکی هەرێم ئیمزای نەکردو نێردرایەوە بۆ پێداچونەوە. پێتان وایە ئەمە ئەنجامی ناڕەزایەتیەکی زۆرە بەدژی ناوەرۆکی ئەو پرۆژەیە، یان بابڵێم ڕاگرتن و ناردنەوەی بۆ پێداچونەوە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

**عبداللەمەحمود:** پرۆژەی"ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان" کەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەیان کردبوو، پرۆژەیەك بوو کە مایەی نیگەرانی ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی ئازادیخوازو قەڵەمدۆست و ڕوناکبیردۆست بوو. پرۆژەیەك بوو کە نە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنوسی لەکوردستان، بەڵکە بۆ کۆنترۆڵکردن و جڵەوکردنی فەزای کاری ڕۆژنامەگەری و ئازادی رۆژنامەگەری بوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش کۆدە کۆنەکە کە کۆدی پاراستنی داب و نەریت و پاراستنی ئاسایشی گشتی و .... دیسان کرابووە مەرج بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی.

پەرلەمان ئەم پرۆژە یاسا پڕتاریکی و شەوەزەنگەی ناودنیای ڕۆژنامەگەری کە سەندیکا ئامادەی کردبوو لاکەم بوو، بۆیە لەلایەن پەرلەمانەوە ئەوەندەیتر تاریکترکراو ئەوەندەیتر کۆت وبەند پاشفەڕوویی بۆ زیادکرا. سەرباری ناڕەزایەتی ڕۆژنامەنووسان و بەرەیەکی فراوانی ناودنیای ڕوناکبیری بەڵام پەرلەمان یاساکەی پەسەند کرد و ئەوەی بۆی مەسەلە نەبوو ئەو ناڕەزایەتی و دەنگ بەرزکردنەوەیە بوو کە بەدژی یاساکە بەرزبۆوە.

بێگومان ئەگەر ناڕەزایەتی ڕۆژنامەنوسان و دەنگی ڕوناکبیری کۆمەڵگا نەبوایە بەرامبەر بە تاریکستانی ئەم یاسا دواکەوتوانەیە، ئێستا ئەم یاسای کاری ڕۆژنامەنووسییە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسەند دەکراو دەبووە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دەمکوتکردنی هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارو میدیا دەستەمۆنەبووەکانی تائێستای کوردستان، وە دەبووە هۆی قفڵدان لەهەموو ئەو قەڵەمانەی کە"نا"یان بە وەزعیەتی مەوجود و باو و زاڵی کۆمەڵگا و دەووت و دەنگی ڕابونی ناڕازیانی کۆمەڵگایان لەهەرچی زیاتر بە چەکی غرامە و چەك و گولله گەرم، خامۆش دەکردەوە.

دیارە ئەم کێشمەکێشە درێژەی هەیە، ئەم پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسییە کە ڕەتکرایەوە یەکەمین پرۆژە نییە کە بەشێوەی هەمان یاساکانی پێشوو پیرۆزیەکانی ئازادی تاکەکان و پێوانە ئینسانیەکان و ڕەوشت و دابو نەریتە مۆدیرنەکانی دنیای هاوچەرخ، دەکاتە قوربانی بە پیرۆزڕاگرتنی دین و نەتەوەو سمبولەکان و مێژووی سەرکردەکان و دابو نەریتی گشتی....تاد.

بێگومان ئەم داب و نەریتە گشتیانە ئەوانەنین کە وەك هەندیك لە ڕۆژنامەنووسان دەڵێن لاستیکین، بەڵکە بەڕۆشنی ئەم داب ونەریتە گشتیانە، ئەو سونەت و ڕەوشت و داب و نەریت و یاسا و ریسا دەستو پێگیرانەن، کە کۆمەڵگایان بە دواکەوتووی هێشتۆتەوەو کۆسپی گەورەی بەردەم ئازادی و مافە فەردی ومەدەنیەکانن. ئەو بیروباوەڕو داب و نەریتە باوانەش میراتی دەست پێوەگیراون لەلایەن دەسەلاتەوە. مارکس دەڵێت بیروباوەڕو داب و نەریتی زاڵ لەهەرکۆمەڵگایەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەم مانایە پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی ڕەخنە لەو بیروباوەڕە زاڵ و هەموو ئەویاساو ریسایانەی دەسەلات بەزەبری هێزو چەکی فریودان و دەمە زەردکردنەوەی داب و

نەریت و سونەتە کۆنەپەرستە میژوویەکان، دایان سەپاندوەو بەرگری لێدەکەن قەدەغە ئەکات، و بە هێڵی سوری دائەنێن.

هەتا ئەگەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کە موچەخۆری دەسەلاتە لەو نێوەدا نەخشێکی ناتەندروست و لەوەش واوەتر کۆنەپەرستانەی هەبێت، ئەوا پەرلەمانی کوردستان ئەم پەرلەمانەی کە هیچ نەخشێکی ئیجابی بەوێنەی پێکهاتەیەکی یاسایی و دانپیانراوی نێودەوڵەتی نییە، کەچی ڕوو بەدەنگ و سەکۆی ئازاد و ڕۆژنامەگەری لەکوردستان ئەوپەری لێهاتووی و بوێری لەخۆی نیشان ئەدات و لەوێوە ئەیەوێت بەدنیای دەرەوەی نیشانبدات کە شتی لەدەست دێت و هەنگاوی بوێرانە ئەنێت!!. بەم هەڵویست و کارنامەشی بۆ سەدەمین جار نیشانیدایەوە کە تروسکایەك لە پێشکەوتنخوازی تیا نییە، نوێنەرەوەی خەڵکی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا و کەلتوری هاوچەرخ نییە، بەڵکە بەکردەوە نوێنەری کەلتوری دەسەلاتێکی دواکەوتوانەی تاسەر مۆخە.

هۆکاری بنەرەتیش کە وایکرد ئەم یاسایە ڕابگیرێت و سەرئەنجام ئیمزا نەکرێت، بەرلەوەی خێرو سەدەقەی سەرۆك و سمبولی سبەی کەلتوری ئایندەی دەسەلاتی حزبی بێت، ئاکامی دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزایەتی بەشێك و ئۆردویەك لە ناڕەزایەتی واقعی کۆمەڵگا لە پێشیانەوە ڕۆژنامەنووسان و دەنگە بوێرەکانی ناوپانتای ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری کوردستان و بەرەی رادیکاڵ و مۆدیرن بوو.

وە ئەگەر بڕیاربێت ئەم یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی یە بە کلك و گوێکردنێکی ڕوکەش جارێکیتر پەسەند نەکرێت، ئەوا پێویستی بەوەرێخستنی بزوتنەوەیەکی ڕۆژنامەگەری بەهێزی بەردەوام هەیە، بۆ خستنەکەناری یاساکەو دارشتنی یاسایەکی تر کە ڕۆژنامەنووسانی ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخوازی ئامادەی دەکەن و بەهێزی واقعی و فراوانی سەراسەری دایئەسپێنن. چونکە ئەم پرۆژە یاسایە لە بنەرەتەوە قابیلی چاکسازی نییە.

**نوری بەشیر:** ئێوە پێتان وایە لەئێستادا دەبێ یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا چۆن بێت. ئایا حکومەتی هەرێم دەتوانێ دەستبەری یاسایەکی وا بکات بەفعلی یاسای ڕۆژنامەگەری بپارێزێ، ئەگەر نا بۆ؟

عبدالله محمود: یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان پێویستە یاسایەکی کراوە و مۆدێرن  و ئینسانی بێت. یاسایەك بێت کەزامنی ئازادی بێئەملاولای چاپەمەنی و ڕۆنامەگەری و بەیان و بیروباوەرو بلاْوکردنەوە. و لەوەش واوەتر زامنی دەستڕاگەیشتنی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسان بێت بۆ دەسکەوتنی زانیاری و ئاگاداربوون لەحەقیقەتی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلاْیەتی و سیاسی و ئیداری و ئابوری و فەرهەنگی و پەروەردەیی و ئەو ڕوداوو کێشانەی ناوکۆمەلگا. قەدەغەکردنی سانسۆر بەهەموو شێوەیەك لەسەر ڕۆژنامەو میدیاکان، دەستهەڵگرتنی دەسەلاْت لە کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبەری میدیاکان و ڕۆژنامەکان و گوشار بۆ هێنانیان. وە بەڕەسمی ناسینی ئازادی بێ قەیدوشەرتی ڕەخنەگرتن و لەهەموو لایەنە سیاسی و حزبی و ئیداریەکان، وگەندەڵییەکان، بەرپرسان و سەرکردەی ئەحزابەکان و مێژوو کارکردیان، ڕەخنەگرتن لەهەر کەلتورو ئەخلاقیاتێکی کومەڵگا، وە قەدەغەکردنی بە پیرۆزڕاگرتنی هەر بیروباوەڕو مقەدەساتێکی قەومی و دینی و نیشتیمانی و ڕەمزەکانی....... لەبەرامبەر دەربرینی ئازادانەی تاکەکان و ڕۆژنامەنوساندا.

وە یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی لەکوردستان لە جێگای ئەوەی سنور بۆ ڕەخنەو ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووسان دابنێت لەژێر "...ناوی پاراستنی داب و سیستەمە گشتییەکاندا، یان لەژێر ناوی زێدەڕۆیی بەرامبەر باوەری یەکێ لە تایفە ئایینییەکان یان بەکەم زانینی دروشمەکانی یان سوکایەتی بە سومبولەکانی..."* وە سزادانی ڕۆژنامەنووسان لەوحالەتانەدا، پێویستە یاسایەکی مۆدێرنی وا پەسەند بکرێت کە ڕەگەزپەرستی و و نەژادپەرستی و پیاوسالاری و داب ونەریتی دواکەوتوانەی تەفرەقە ئامێز و سوکایەتی ئامێزو ....یاساغ بکات و سزای پێویستی بۆ دابنێت. وە

ئەرکی میدیاو ڕۆژنامەنووسانی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگایە کە ڕۆژنامە و میدیاکان بە ئاراستەی ڕەخنە لە بیروباوەڕو داب و نەریت و ئەخلاقیاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، یەکێك لە لایەنە بەرجەستەکانی تێکۆشانی ڕۆژنامەنوسیان بێت.

ئەوە کە حکومەتی هەرێم دەتوانێ دەستەبەری یاسایەکی ئاوابکات، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حکومەت دەستەبەری یاسایەکی ئاوا نابیت و هیچ دەسەلاتێکیش ئەمەی نەکردووە، بەڵکە ئەوەی کە بتوانرێت یاسایەکی پێشکەوتنخواز بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی پەسەندبکرێت، پێویستی بە وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی فراوانی پێشکەوتنخوازە کە دای بسەپێنێت. لە دنیاشدا ئەگەر میدیا و ڕۆژنامەنووسی ئازاد بەمانایەك هەیە و کۆسپە دەست و پێگیرەکانی وەلاناوە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانێکی نەپساوەی کۆمەڵگا و بزوتنەوە ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخوازیەکانی و دەنگی ڕەسای ڕۆژنامەنوسان و نووسەرانی تابۆ شکێنە. بەداخەوە ئێمە تائێستا بزوتنەوەیەکی ئاوامان نەك نییە، بەڵکە زۆرێك لە ڕوناکبیرو ڕۆژنامەنووسانی کۆمەڵگای کوردستان لەلایەك باسی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربرین و پێشکەوتنخوازی ئەکەن لەلایەکی ترەوە خەریکی سازش و ستایشی کۆنەپەرستی قەومی و دینی و تەنانەت دەمارگیری زمانەوانین، باسی نەخشی مەلاو زانایانی ئاینی دەکەن بۆ بەرگرتن بەتوندو تیژی لەدژی ژنان و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا!!.

باسی زۆری سزاکان مەبلەغی سزاکان، کێشەیانە نەك ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی یاساکە...تاد.

لەهەموو ئەوانەش واوەتر ناکرێت سیستەمێکی بنیاتنراو و یاسایی نەبێت، سیستەمێك نەبێت کە خەڵك دەورو نەخشی ڕاستەوخۆیان لەبنیاتنان و بەڕێوەبردنیدا هەبێت و چاوەڕی ئەوەش بکەێت یاسایەکی مۆدێرن ئەم دەسەلاتە ملی پێبدات. ڕاستیەکەی لەگەل ئەوەدا کە جێگیرکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی پێشکەوتنخواز پێویستە، پەرلەمان و حکومەتێکی پێشکەوتنخوازو یاسایی کەجێگای ئەم حکومەت و پەرلەمانە نایاساییەی دەسەلاتی یەکیتی و پارتی بگرێتەوە سەد بەرابەر پێویستە.

بەمانایەکی تر بڵێم پێوستیەکی جدی ئەوەیە کە لەکاتێکدا دەبێ هەموو هەوڵ و تواناو خەباتێك بۆ دارشتنی یاسایەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی و باقی یاساکانی تر بەردەوامی پێبدرێت، هاوکات پێویستە ئەم تێکوشانە بۆ وەلانانی پەرلەمانێکی بێدەربەست و سەروخەڵکی و نایاسایی و دواکەوتوانەش دەست پێبکات.

**نوری بەشیر:** ئایا حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بۆچی ئەو پرۆژەیان ڕاگرتوە، وە بە ڕەئی ئێوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەکوێی بەرگری لەماف و داواکانی ڕۆژنامەنووساندا وەستاوە.

**عبدالله محمود:** ئەم پرۆژە یاسایە پەرلەمان ڕاینەگرت بەڵکو پەسەندیکرد. چونکە کێشەیەکی لەگەڵ ناوەڕۆکە دژی ئازادیەکەی نەك نەبوو، بەڵکە ڕازی نەبوو بە پرۆژەکە بەوجۆریەی سەندیکا پەسەندی کردبوو، بۆیە دوای ئەوەی سەندیکا پرۆژەکەی ڕەوانەی پەرلەمان کرد، پەرلەمان ئەو پرۆژە کەم وکوڕو پرمەرج و ئەمماو ئەگەرەی کلك و گوێ کرد و کردیە تەیرێکی عەنتیکەی وا کە نمونەکەی لە وولاتانی چنگ بەخوێنی دژی ئازادی زۆرن.

ئەوەش کە سەرۆکی هەرێم ڕایگرت پەیوەندی بەو نارەزایەتیە فراوانەوە هەبوو کە شەقامی کۆمەڵگا بەگشتی و لە پێشیانەوە ڕۆژنامەنووسان و ژمارەیەك گۆڤارو هەفتەنامەو ڕۆژنامە دەستیان پێکردو هەڕەشەی ڕاگرتن و داخستن، یان هەڵبژاردنی مەنفایان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و گەڕانەوە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی نهێنی، هێنایە ئارایەوە کە ئەمە تاڕادەیەك نیشانەی تەلاقدانی نارەسمی دەسەلات و دورکەوتنەوەی دەگەیاند. جگەلەوەش ئەمە لەسەرئاستی ڕای گشتیش ڕەفر کرایەوە، سەرۆکی هەرێم کاتێك ئەم نارەزایەتی و هەڵوێستەی بینی، ئامادەنەبوو ئیمزای بکات. ئێستا ئەم پرۆژەیە ڕەوانەی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەکرێتەوە و بێگومان ئەوانیش هیچ ئاڵوگۆڕێکی بناغەیان بۆ پرۆژە یاساکە لە هەگبەدا نییە، لەوانەیە دیسان کلك و گوێی بکەن و سەرۆکیش جگە

لەجاریك حەقی ئەوەی نییە ئیمزای نەكات و بیگێرێتەوە پەرلەمان، بەمانایە كێشمەكێشەكە لە ئاستێكی تردا درێژەی دەبێت. سەرئەنجام ئەگەر بزوتنەوەیەكی گەورە بەدژی پرۆژە یاساكە ومەبنایەك كە پرۆژكەی لێدەركێشراوە وەرێنەخریت، بەكەمێك ئاڵوگۆڕی مەتاتی و ڕوكەشەوە دایئەسەپێنن.بۆ چوونە ئەم نەبەردە ئامادەیی ڕێكخراو سەراسەری ئەوێت.

تائەو شوێنەی پرسیارەكە ئەوەیە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لەكوێی بەرگری لەماف و داواكانی ڕۆژنامەنووساندا وەستاوە، بەسادەیی دەتوانین بڵێین سەندیكا لە پاڵ دەسەڵاتدا وەستاوە بەرامبەر بە ماف و داخوازی ڕۆژنامەنووسان.

سەندیكایەك موچەخۆری دەسەڵاتی حزب بێت، هەرگیز ناتوانێت سەندیكایەك بێت لەپاڵ ڕۆژنامەنووسان و ڕەوتی پێشكەوتخوازی دژی دەسەڵاتدا بوەستێت. تەجروبەش شاهیدی ئەم ڕاستیەیە، لەوەتەی ئەم سەندیكایە هەیە، بەدەیان ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر تووشی هەڕەشەو چاوسوركردنەوە، داخران و سزادان، و تەنانەت زیندانیكردن بونەتەوە، سەندیكا چونكە لەپاڵ دەسەڵاتدایەو وەسیلەی دەسەڵاتە بۆ سەركوتی ڕوژنامەگەری ئازادو پێشكەوتنخواز مێشیش میوانی نەبووە، كوا دەنگی سەندیكا لەبەرامبەر ڕاگرتنی گۆڤاری بزاو، كوا هەڵوێستی لەبەرامبەر لابردنی سەرنوسەری ئاسۆ... كە لە دوومانگی رابردودا بەبەچاوی سەندیكاوە ڕویانداوە؟ بۆیە سەندیكا لەمەیدانی كاری ڕۆژنامەنوسیدا سەنگەری بەرگری لە ڕۆژنامەی حزبی و نووسەرانی حزبی دەسەڵاتدارە لەبەرامبەر دەنگی ڕەسای ڕۆژنامەنووسانی ئازاد و ڕۆژنامەی سەربەخۆو و نیمچە سەربەخۆ و ڕۆژنامەی ئەحزاب ولایەنی تری دەرەوەی دەسەڵات. ئێستا بەم تەجروبە زیندوانەوە سەندیكا شوێنی دیارە.

2007-12-21

- لە پرۆژەی كاری یاسای ڕۆژنامەنووسیەكە وەرگیراوە. مادەی دووەم خاڵی یەكەم و مادەی دەیەم بەندی هـ.